کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-5-2007 12:03 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## "ئاسۆ جەبار"ئامرازێک بۆ دەرخستنی ناکۆکیەکانی پشت پەردە ... ڕۆژ

بەلای پرۆفیسۆر "کارفر"ەوە ناکۆکیەکانی نێوان مرۆڤەکان چوار جۆری هەیە، من دوو جۆریان دەخەمە ڕوو چونکە مەبەستەکە دەپێکێ. "کارفر"لەجۆری یەکەمی ناکۆکی نێوان مرۆڤدا دەڵێ: نزمترین جۆرەکانێتی و نزیکترینیشە لەسروشتی سەرەتایی ئاژەڵەوە، ئەو پێی وایە لەم جۆرەیاندا هێزو بازو لەپلەی یەکەمدایە. چونکە مرۆڤ پشت بەستووە بە هێزو توانای خۆی، بۆ ئازاردان و بەر بەرەکانێی نەیارەکەی، ئەم جۆرە چەند وێنەو نمونەیەك لەخۆ دەگرێت: جەنگ، شەڕە شمشێر، جنێودان، تالانکردن، دەستدرێژیکردنە سەر ناموس و شتی دیکە بەهەر ڕێگەیەکەوە بێت.

جۆری دووەم، ڕێك بەدوای یەکەمدا دێت و ئاوێتەیە لەگەڵ هەندێ وردەکاری زیرەکیدا لەگەڵ بەرانبەر بەکاردێت. ئەم جۆرەیان خۆی لەهەندێ کاری وەك (دزی، فێڵکردن، ساختەچێتی، هەندێك جۆری ناکۆکی دیکەی پشت پەردە) ەوە بەرجەستە دەبێت. بەڕای من هەردوو جۆرەکەش لە کەسایەتی "ئاسۆ جەبار"ی ڕۆژنامەنووس دەخوێندرێنەوە، چونکە ئاسۆ لەپێناوی ئازاردان و دژایەتیکردنی (بەرانبەری وەك کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو) کەبە نەیاری خۆی و ئەو ئایدیایەی کاریگەری بەسەرەوە هەیە دەزانێت، ئەو کەڵکی لەو قەڵەمە وەرگرت کە بۆ مەرامە تایبەتیەکانی (گەر خزمەتیش بووبێت بۆ گەورەکەی) بەکاری هێنا کە دوا جار تێرکردنی غەریزەکانی خۆشێتی.

ئاسۆ جەبار بۆ بەدیهێنانی خەونە نەزۆکەکانی (ئەو کەسەی) وەکو ئامرازێکی سوکایەتی پێکردن بەکاری دەهێنێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیەك و لەبەرانبەر (هەڵوێستێکی واقیعی و چاکەخوازانە)، هەڵبەت مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانیشی لە پێناو ناکۆکییەکانی پشت پەردەوە بووە، بەڵام خۆشبەختانە جگە لەریسوایی شتێکی دیکەی بۆ نەمایەوە. "د. عەلی وەردی" لەبارەی مرۆڤەوە دەڵێت: جەوهەری مرۆڤ لەسەر ناکۆکیەکان پێکهاتووە، ئەگەر ناکۆکی لە دەوروو بەرەکەیدا نەبێت ئەوا لە خەیاڵدانیشی بێت ناکۆکیەك بۆخۆی دروست دەکات، تاوەکو خۆی پێوە خەریك بکات.

هاوکێشەیە ڕێکاو ڕێك لێرە لای خۆن، بەرجەستە بووە. ئەوەتا کاتێك کێشەیەك ڕووداوێك پێشهاتێك لەئارادا نییە دەکەوینە وێزەی یەکدی و لەسەنگەر دەبین و سێرە لەدەمی ئەوی دی دەگرین بەڵکو ئێ خوایە هەڵەیەك بکات و لێی لە هەڵلا دەین، گەر چاریش نەبوو دەکەوینە پلان گێڕان و بوختان بۆ هەڵبەستن و سوکایەتیکردن بەو کەسەی دەبێتە ئامانجی هەڵمەت و هێرشە ناڕەواکان.

هەموان ئەو ڕووداوە ویژدان هەژێنەمان بینی کە بەهەر بیانوو پاساوێك بووبێت بەسەر "دوعا"ی ئێزیدی هێنرا، پێشێلی ماف و خواستەکانی مرۆڤی لێکەوتەوە و دەشێت بڵێین ئەمە ئاماژەیەکیش بوو بۆ زیندووەکان، چونکە تاوەکو ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لە هەناوی خۆیدا بواری بۆ داخوازی و ماف و سەروەری و حەزو چێژ وەرگرتن ئاسای تاکەکانی نەهێشتۆتەوە، "دوعا"ش نمونەیەکی زیندووە... کەچی ئاسۆ لەبەرانبەریدا بێ دەنگ و دۆش داماوەو نەك هەر لەهەوڵی پێکهێنانی کەمپین و دروستکردنی ڕای گشتی نییە، بەڵکو تەنها وەکو تاکیش هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەمان تیایدا بەدی نەکردو، بێ هەڵوێستیشی سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو بهێتە گۆش بەویستی خۆی نییە و دواجار ئەو بەویستی خۆی ئەو کۆیلەیەیە کە بێ بزواندن و بەگەڕخستنی توانایی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری شەڕانگێزی و پلانگێڕی لەپێناو ڕووەو پێشچوونی کۆمەڵگەکەیدا نییەو، خۆ ویستانە و حەزی ژێر دەستەیی بۆ مەرامی سەرانی هەندێ جار دەیوروژێنێت و لەبەرانبەر مەسەلە گشتی و بەرژەوەندیە گشتیەکان کە نەخۆی و نە ئەو کەسەی کاریشی بۆ دەکات لێی سودمەند دەبن، حەپە ناکات. بینیمان ئاسۆ لەبەرانبەر هەوڵی ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس "سەرۆ قادر " چۆن کەوتبووە دژایەتیکردنێکی کوێرانەو بێ هیچ پاساو و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵگەیەکی واقیعی، جگە لە پەرۆشی بۆ چاکسازی کۆمەڵگەکەی و شەفافیانە گوزارشتکردن لەواقیعی ئێستای دەسەڵاتی سیاسی فەمانڕەوا و باری کۆمەڵایەتی لە باشووری کوردستان شتێکی دیکەی نەگوتبوو، کەچی کەوتە هەلەکە سەماو دژایەتیکردنێك هەروەکو ئەوەی ئەو وڵاتە کەسێکی دیکەی دڵسۆزی تێدا نییەو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی بە هەڵوێست و جەربەزە کە ڕەچاوی ئەخلاقی کاری پیشەیی و ویژدانانە بکەن، نەیانویستبێت لە حاڵێکدا سەرۆ مەبەستی سوکایەتیکردن بە میللەتەکەی خۆی بووبێت، کە خۆیشی پەروەردەی هەمان ئەو کۆمەڵگەیەیە لێی بێنە گۆو مەبەستەکانی بە ناپاکی بچوێنن. خۆ برالە ئێمەش شتێك لەسیاسەت و ئاڵوگۆڕ و ئاراستەکردنی ئێوەمانان لەکاتە پێویستەکاندا دەزانین، بۆیە پەیامی من بۆ تۆ و ئەوانەی وەکو تۆش کوێرانە کەوتوونەتە دوای کڵاوی بابردوو ئەوەیە ڕۆژی هەڵوێست ئەمڕۆیە، ڕۆژی کەمپین و دژایەتی و ململانێی چینەکان ئێستایەو کۆمەڵ و گروپ و ڕێکخراوە مەدەنیەکان ئەمڕۆیە ئەو ئەرکە بخەنە ئەستۆی خۆیان و بەربەرەکانێی زوڵم و زۆری دەرهەق بەمرۆڤایەتی دەکرێت، ئێستا ئەرکی تۆو هاوەڵانتە بڕژێنە سەرشەقام و وتافی دژ بە پێشێلکردنی مافی مێینە بکێشن و ڕای گشتی حەقیقی وەبەربێنن. ئەوە ئێستایە پێویستی بەوە هەیە لەبەرانبەر بێ دەنگی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد هەڵوێست وەربگرن، پێیان بڵێن بۆچی بەقەدەر بێقیمەت بوونی ئینسانەکان بێ دەنگن؟ بۆچ ناڵێن کوانێ بەیاننامەی ئیدانەکردنتان؟ کوانێ دادپەروەری و ئاسایشی شارەکانتان؟ ئەی بۆچی لە ئەوان ناپرسیت باشە کۆمەڵێك بەهۆی ڕەفتاری کۆمەڵییانەوە تاوانێکی بێ وێنەیان ئەنجامدا، قوتابی و فەرمانبەرانیان لە شارەکانی دیکە چ تاوانێکیان کردووە؟! کوا تاوانباران و بکوژانی دوعا لە کوێن؟ بۆ ناپرسی؟ وەزیری ناوخۆ بۆ نایاندۆزێتەوە؟ ئەی تۆ تۆ ئەی ڕۆشنبیر!!! بۆچی سکاڵا تۆمار ناکەی خۆ بەڵگەی زیندوو هەن دیکیۆمێنت هەن، لە کوێی ئەی جەناب؟!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.